بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت و بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، ئەم یاسایە دانرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( 1 ) ساڵی 2015**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوە و، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (19) لە 24/ 12/ 2014 بڕیارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە ( 9 )ی ساڵی 2014**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( 10 )ی ساڵی 2008**

**ماددەی ( 1 ):**

ماددەی (حەوتەم) لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و دەستە وکولێژ و پەیمانگا و سەنتەری توێژینەوەی حکومی وناحکومی پێکدێن و ئەم دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەلکێن:

1ـ زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.

2ـ زانکۆی سلێمانی.

3ـ زانکۆی دهۆك.

4ـ زانکۆی کۆیە.

5ـ زانکۆی سۆران.

6ـ زانکۆی زاخۆ.

7ـ زانکۆی ڕاپەڕین.

8ـ زانکۆی هەڵەبجە.
9ـ زانکۆی گەرمیان.
10ـ زانکۆی چەرمۆ.
11ـ زانکۆی کوردستان/ هەولێر.
12ـ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.
13ـ زانکۆی  پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
14ـ زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك.
15ـ ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان.
16ـ دەستەی کوردستان بۆ خوێندنە ستراتیجییەکان و توێژینەوەی زانستییەکان.
17ـ هەر دەزگایەکی دیکەی حکومی کە هەیە یان دوای دەرچوونی ئەم یاسایە دادەمەزرێن.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەپێی پێوەر و پلەبەندیی زانستی دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندیی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی ڕێنمایی تایبەت.

**ماددەی ( 2 ):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی ( 3 ):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی ( 4 ):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر**
2015/1/12

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بۆ برەودان بە رەوتی زانست و ڕێکخستنەوەی سەرجەم دەزگا و ناوەندەکان لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بـڕیـار**

**ژمارە (28)ی ساڵی 2014**

**پاڵپشت بەحوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ، بەپێی بڕگەی (یازدەم) لە ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (7)ی ڕۆژی 2014/10/22 دا ئەم بڕیارەی دا :**

**یەکەم : ڕەزامەندیی دەربڕین لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ .**

**دووەم : لەسەر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .**

**سێیەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە 2014/10/22 ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان )ـدا بڵاو دەکرێتەوە .**

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

**لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ، بەپێی بڕگەی (یازدەم) لە ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوە بۆ جوڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەرەزامەندی پەرلەمانی کوردستان و ، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی لە مەترسیەکانی تیرۆر بەتایبەت کردەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی ناسراو بە (داعش) و ، بەو پێیەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکن لە**